# تایبەتمەندییەکانی ریمۆت کۆنترۆڵی سۆنی




سۆنی تایبەتمەندییەکی نوێی لە Remote play دا داناوە کە بەهۆیەوە دەکرێت یارییەکانی پلەی ستەیشنی 4 لەسەر ئامێرەکانی خۆیان "ستریم" بکەن و خەریکی یاری بن. راستە ئەم تایبەتمەندییە هی ئامێرەکانی سۆنییە، بەڵام بەهۆی ئامێری XDA Developers دەتوانی ئەم ئامێرە لەسەر دەزگاکانی ئەندرۆیدیش دابنێی.

بۆ زانیاری زیاتر ریمۆت پلەی تەنیا لەسەر ئەو ئامێرانە دەگونجێت کە سیستەمی ئەندرۆید 4.4یان لەسەرە.

# مۆبایلەکەت بکە بە کۆمپیوتەری سەرمێز

لەگەڵ ئەوەیدا مۆبایلە زیرەکەکان توانای لێکدانەوەو ئەنجامدانی گەلێك ئەرکیان هەیە و بەقەد کۆمپیوتەرێك ئەرك ئەنجام دەدەن، بەڵام هێشتاش جێگای کۆمپیوتەریان نەگرتۆتەوە. ئەگەر دەتەوێ بە جددی مۆبایلەکەت بکەی بە کۆمپیوتەری دیسکتۆپ، پێویستت بە ئامێرێکە کە پێی دەگوترێت (Andromium).

ئێستاکە ئەگەر یەکێك بیەوێت مۆبایلە هۆشمەندەکەی خۆی بکات بە کۆمپیوتەری سەرمێز، دەبێ (root)ی بکات، بەڵام ئامێری ناوبراو رێگەکەت بۆ ئاسان دەکاتەوە. هەرچەندە ئەمە یەکەم ئامێر نییە کە ئەم ئەرکە ئەنجام دەدات، پێشووتریش مۆتۆرلا ئامێرێکی لەم شێوەیەی بەرهەم هێنابوو، بەڵام تەنیا لەگەڵ مۆبایلەکانی خۆی دەگونجا.

# بۆ گشت ئەرکەکان دوگمەیەک بەسە




گەر رۆژێك لە رۆژان دوگمەیەك هاوشێوەی دوگمەی قەمسەڵە هەموو ئەرکێکی ئامێرە هۆشمەندەکان ئەنجام بدات، سەرسام مەبە. چونکە دوگمەی FLIC ئەو دوگمەیەیە بەهۆیەوە دەتوانرێت، وەڵامدانەوە بە پەیوەندییەکانی مۆبایل، کوژاندنەوەی گلۆپەکانی ماڵەوە، کردنەوەی دەرگا، وێنەگرتن بە کامێرا، نزمکردن و بەرزکردنەوەی دەنگی ئامێرەکانی ماڵەوە ئەنجام بدات. دوگمەی (فلیك) لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و Ios دەگونجێت و دەکرێت ئەرکێکی دیاریکراوی پێ بسپێردرێت، بۆ نموونە داگرتنی یەکجار کارێك ئەنجام دەدات و دووجار و سێ جار ئەرکێکی دیکە، یان جارێك داگرتن و دەست هەڵنەگرتن ئەرکێکی دی جێبەجێ دەکات.



دوگمەی ئاماژە بۆ کراو، لە سیستەمی بلوتوس کەڵك وەردەگرێت و لە مەودای 50 مەتریش کار دەکات. دوگمەکە بە لەزگەیەك بەو شوێنەی مەبەستتە دەنووسرێت.

# سامسۆنگ سیستەمێکی تایبەت بەخۆی بەرهەم دەهێنێت



سامســـۆنگ لەمێژە هەوڵ دەدات مۆبایلێکی هۆشمەند بەرهەم بهێنێت کە سیستەمی بەگەڕخەریشی تایبەت بێت بەخۆی، ئەو سیستەمەی سامسۆنگ کە بە نیازە لەسەر ئامێرەکانی خۆی دابنێی، سیستەمی (تایزەن)ە، هەرچەندە تا ئێستا هیچ مۆبایلێکی هۆشمەندی سامسۆنگمان نەدیوە ئەم سیســـتەمەی لەسەر بێت، بەڵام کامێرایەکـــی وێنەگرتنی بەناوی NX300M بەرهەم هێناوە کە ئەم سیستەمەی لەسەرە.

پێدەچێت کۆمپانیای ناوبراو لە ساڵی 2015دا ئەم سیستەمە لەســـەر تەلەڤزیۆن و مۆبایل و کامێرا دابنێت، کامێرای ئاماژە بۆ کراو لە ریزی کامێرا بێ ئاوێنەکان دێت.



## کیبۆردێک بۆ ئایفۆن



ئایفۆن لەسەرەتاوە بەم جیاوازییە لەگەڵ مۆبایلەکانی دیکە خۆی دەرخست کە تەنیا یەک دوگمەی هەیە. هەموو فەرمانێك تەنیا لە ڕێگەی شاشە لەمسییەکەیەوە ئەنجام دەدرێت. لەم ماوەیەدا کیبۆردێکی تایبەتی بۆ مۆبایلی ئایفۆن دروستکراوە کە لەگەڵ گشت ڤێرژنەکانی مۆبایلی ناوبراو دەگونجێت.

کیبۆردی جۆری typo وەك کەوەرێك لەسەر مۆبایلی ئەیفۆن دادەنرێت، گشت دوگمەکانی کە بۆ نووسین پێویستن تێیدایە. بەڵام کاتێك کیبۆردەکە دەخەیە سەر مۆبایل، ناتوانی بەهۆی پەنجەمۆرەوە مۆبایلەکەت دابخەی.



## ئینتەرنێت لە هەموو شوێنێکی جیهان

ئینتەرنێت لەم سەردەمەدا بۆتە پێداویستییەکی گرنگی ژیان، ئینتەرنێت شوێنی رادیۆ و رۆژنامە و تیڤی و تەلەفۆن و.... تاد گرتۆتەوە. هەرچەندە ئێستاش زیاتر لە چوار ملیار کەس لە جیهاندا بەو جۆرەی پێویستە هێڵی ئینتەرنێتیان نەگەیشتۆتێ، گەلێك ئامراز و سیستەم هەن بۆ گەیاندنی هێڵی ئینتەرنێت، یەکێك لەم ئامێرانە کە دەتوانێت هێڵی ئینتەرنێت بگوازێتەوە، ئامێری lantern ـە، کە ئینتەرنێت لە ڕێگەی شەپۆلەکانی مانگی دەستکردەوە وەردەگرێت. ئامێرەکە بەردەوام شەپۆلە رادیۆییەکان کە مانگە دەستکردەکان بەڕێی دەکەن وەردەگرێ، پاشان ئەم شەپۆلانە دەکاتە فایلی دیجیتالی وەك لاپەڕەی دەق، کتێبی ئەلکترۆنی، پرۆگرام، ڤیدیۆ و وێنە... ئامێری "لێنترن" بەهۆی تیشکی خۆرەوەش شەحن دەبێتەوە و پێویستی بە شەحنی دیکە نییە.

## پێشانگای ساڵانەی CES ئەمساڵ

2015 International
CES®



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت زۆر جار فایلێکی word کە بە ئینتەرنێت بۆم هاتووە لەکاتی کردنەوەیدا نووسینەکە تێکەڵ و پێکەڵ دەبێت ئایا چۆن چارەسەر دەبێت؟

خوێنەری بەڕێز هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو فایلانەی بە ئۆفیس 2010 دەنووسرێن و سەیڤ دەکرێن، لەکاتی کردنەوەیان بە ئۆفیس 2003 یان 2007 تووشی ئەم گرفتە دێن کە نووسینەکە وشەکان هەموو پێکەوە دەنووسرێن، بۆ چارەسەری ئەم گرفتە ئەوەیە ئەو کەسەی فایلەکە ڕەوانە دەکات دەبێت بە save as ئۆفیس 2003 سەیڤ بکات، یان ئەگەر وای نەکردبوو دەبێت فایلەکە بە ئۆفیس 2010 بکرێتەوە..



# مانگ و نیوێک شەحنی دانابەزێت

لەپەنا کارایی و کامێرای باش و شاشەی تەنك، دانەبەزینی شەحنی باتریش بۆ ئامێرە دیجیتالییەکان وەك خاڵێکی باش سەیر دەکرێت، کەم مۆبایل هەیە بتوانێت هەفتەیەك شەحن لەخۆیدا رابگرێت، بەڵام مۆبایلی Lenovop70 لەم جۆرانە نییە، ئەم مۆبایلە شاشەکەی 5 ئینجە، باترییەکەی 4000میلی ئەمپێرە. بەهۆی ئەم باترییەوە مۆبایلەکە هەتا 46 رۆژ لەحاڵەتی ستاندبای دەتوانی خۆڕاگرێت و لەکاتی قسەکردن و بەکارهێنانی بەردەوامیشدا زیاتر لە دە رۆژ خۆی رادەگرێت. رامی مۆبایلەکە یەك گیگابایتە، میمۆری ناوخۆی 8 گیگایە و میمۆری دیکەشی بۆ داندەنرێت. بەڵام پێتان سەیر نەبێت کە مۆبایلەکە چینییە و هەربۆیە وەك زۆربەی مۆبایلەکان دوو سیم کارت دەخوێنێتەوە.



# و خەرمانێک لە تەکنەلۆژیای نوێ

پێشانگای ساڵانەی CES هەموو ساڵێك لە شاری لاس ڤێگاسی ئەمەریکا بەڕێوە دەچێت، ئەمساڵیش لە رۆژی 6ی مانگ بەڕێوەچوو و لە 9ی مانگیش کۆتایی هات. لەم پیشانگایەدا 3500 کۆمپانیا و بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ بەشداریان تێدا کردبوو، کە زیاتر لە 160 هەزار بەرهەمی خۆیان نیشانداو خستەڕوو. جگە لەوەش دە کۆمپانیای گرنگی بەرهەمهێنی ئۆتۆمبیل بە نوێترین ئۆتۆمبیلەکانیان بەشداریان تێدا کرد.

شایانی ئاماژە یەکەمین پیشانگا CES کە بەمانای (consumer electronics show) دێت ساڵی 1967 بە پشتیوانی بنکەی کەلوپەلی دیجیتالی ئەمەریکا لە شاری نیویۆرك بەڕێوەچوو.



# بۆ هەڵبژاردنی رووکاری سایت سەردانی ئەم سایتە بکە

وردپرێس سایتیکی گرنگە بۆ چێکردن و دانانی سایت بە ئاسانترین شێوە. بێ ریکلام کردن بۆ وردپرێس زۆربەی سایتە گرنگەکانی جیهان بە وردپرێس چێکراون. ئەگەر تۆ یەکێکی لەم تازە کارانە و هەوڵ دەدەی سایتێکی باش و جوان بۆخۆت دابنێی، پێویستت بە رووکاری سەرنج راکێشە، بۆ ئەم مەبەستە سەر لە سایتی whatwpthemeisthat.com بدە. ئەگەر سایتێکی سەرنج راکێشت دی، لە بۆکسێکی سایتی ئاماژە بۆ کراو ناوەکەی بنووسە، سایتەکە زانیاری دروستت لەبارەی رووکاری سایتی جێگای سەرنجی تۆ پێ دەبەخشێ.